# بێنیامین کۆنتسانت

ن: رامین جەهانبەگلوو
و: عەتا جەماڵی



لە خوێندنەوەی باوەڕ و بەرهەمەکانی بێنیامین کۆنستانتدا هەوڵ دەدەین ئەوە دەربخەین کە رەچەڵەکی رەوتی گۆڕانەکان و بیچمگرتنی روانگەی لیبرالی لە پرسە یەزدانی-سیاسییەکاندا لە کوێوەیە و بەتیبەتی وڵامی ئایین بۆ ئەم پرسیارانە چی بووە.

هۆبز، چەمکی "تاک"ی بۆ چارەسەری پرسی یەزدانی-سیاسی و هەروەها پێشگیری لەو کارەساتانەی لە ناسازگاریی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتەوە (سیاسەت و ئایین) دەکەوتنەوە، داهێنابوو. ئەو لەدواییدا لەسەر بنەمای ئەو چەمکە واتە تاکی سیاسی، چەمکی رەهاگەرایی هێنایە ئاراوە. لۆک و رۆسۆ لە روبەڕووبونەوە لەگەڵ چەمکی رەهگراییدا، پەرەیان بە روانگەی هۆبز دا، بەڵام ئەوان چەمکێکی تریان لە "تاک"ەوە داهێنا کە لە بنەڕەتەوە ئاشتیخواز و یەکگرتنخواز بوو. چەمکی تاک بووە بناغەیەک بۆ حاکمییەتێکی نوێ کە لە روانگەی هۆبزدا لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی و لەڕوانگەی رۆسۆدا لەسەر بنەمای ئیرادەی گشتی بوو.

رۆسۆ بە زەقکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییانەی دەرهاویشتەی سەرچاوەی پرهێزی لیبرالیزم بوون، کۆتایی بە قۆناغی یەکەمی لیبراڵیزم هێنا. دوهەم قۆناغی لیبراڵیزم کە لە نیوەی یەکەمی سەددەی نۆزدەهەمدا پێی هەڵگرت، لێکچوونێکی کەمی لەگەڵ قۆناغەکەی پێشوودا هەبوو، چونکە ئەم دوو بڕگەیە بەهۆی روانگەکانی رۆسۆ و هەروەها شۆڕشی فەرەنسا لێکجیا دەبوونەوە. لیبراڵیزمی سەدەی نۆزدەهەم، شۆڕشی فەڕەنسای هەم لەڕووی دەرەنجامەکانی و هەم لەلایەن کارکردی شۆڕشەوە قەبووڵکرد و دانی پێدا نا. زۆرینەی لیبراڵە فەڕەنسییەکانی سەدەی نۆزدهەم، روانگەکانی "بۆرک"یان سەبارەت بە شەرمەزارکردنی شۆڕشی فەرەنسا قەبووڵ نەکرد، ئەگ رچی خۆیان چاک و خراپی شۆڕشیان لێکجیا دەکردەوە، بەڵام لەڕووی فکرییەوە لایەنگری شۆڕش و بەدژی رێژیمی رابردوو بوون. بە گەڕانەوە بۆ رابردوو دەبینین ئە شێوازی رووبەڕووبوونەوانە بەلامانەو جێگەی سەرسوورمانن، چونکە لە رژێمی رابردوودا بەڕاستی ئازادییەکان زیاتر دەستەبەر دەکران، بەڵام لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمیش پاساوێکیان هەبوو بۆخۆیان. رژێمی فەڕەنسا هەتا بەر لە شۆڕش بەهەر حاڵ لەسەر هەندێ پرەنسیپ بونیاد نرابوو کە خەباتی لیبرالیزم بەدژی ئەو پرەنسیپانە بوو، پرەنسیپگەلێک کە پەیوەندییان بە حاکمییەتی رەهای پاشا و دەسەڵاتی سیاسیی کلێساوە هەبوو.

بەم حاڵەوە لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم بەپێچەوانەی لیبراڵەکانی سەدەی هەژدەهەم بەشێوەیەکی سەیر و نائاسایی مەزهەبی بوون و هەر لەم رووەوە رووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان لە روانگەی سیاسییەوە راڤە دەکرد. ئەوا هەروەها باوەڕیان بە رەگەزێک ین چەمکێکی نوێ هەبوو کە لە ۆناغی یەکەمی لیبراڵیزمدا بوونی نەبو. ئەو رەگەزەش مێژو بوو. لەڕوانگی ئەواندا گشتی بوونی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان کە پێشتر بەشێوەی ئیرادی و سروشتی بیچمی دەگرت ئیتر لە واتای گەوهەر و سروشتی ئەواندا جێگەی نەبوو، بەڵکوو ئەمجارە لە قاڵبی چەمکی "مێژوویی" یان لە ئەندێشەی "کامڵبوونی مێژوویی"دا بیچمی دەگرت.

بێنیامین کۆنستانت، لیبراڵێکی نموونەیی سەدەی نۆزدەهەمە. ئەو ژ ایەتیی لەگەڵ روانگەی "حاکمییەتی بێسنوور"دا دەکرد کە لە شۆڕشی فەڕەنسادا گەڵاڵە کرا. بەجێی ئەو باس لە بەستێنێکی تاکی دەکات کە بە گشتی لە دەرەوەی کەشی فکریی شۆڕشدایە. ئەو قۆناغی یەکەمی لیبراڵیزم کە لەوێدا تاکی سروشتی رووبەڕووی نەزمی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە قەبووڵ دەکات، بەڵام قۆناغی دووهەمی ئەو کە ئەم تاکە لەبەرژەوەندیی بیصم گرتنی حاکمییەتی گشتی و خەڵکدا رەتدەکاتەوە، قەبووڵ ناکات. ئەو لە بەژەوەندیی ئازادیی نیگەتیڤدا سەرەتا لیبراڵیزمی رەسەن قەبووڵ دەکات و بۆ دژایەتی و بە دژی قۆناغی دووهەم کە ئازادیی پۆزێتیڤە سوودی لێوەردەگرێت. بێگومان بێنیامین کۆنستانت و کاریگەرییەکەی ئەو بووە هۆی ئەوەی هەڵوڵ

بوونی روانگەی لیبراڵی بلەچاو رووداوی شۆڕشگێڕانە بەرچاو نەکەوێت. لەلایەکەوە ئەو سەرسەختانە هەواداری شۆڕش و دژی رژێمی کۆنە و لەلایەکی ترەوە بە رەخنەگرێکی زۆر جیدی و کاریگەر لە پرسی ئەخلاقییات و رۆحی شۆڕشدا دێتە هەژمار.

بەبۆچوونی کۆنستانت مانای شۆڕش ململانێی نێوان سیاستەمی هەڵبژاردن و سیاستەمی میراتییە. کۆنستانت لایەنگری سیستەمی هەڵبژاردنە چونکە بەڕای ئەو ئەو سیاستەمە لەسەر بنەمای یەکسانییە و یەکسانیش بەڕای ئەو بەمانای دوایین ئامانجی مێژوویی مرۆڤ دێتە هەژمار. بەبۆچوونی کۆنستانت لووتکەی مرۆڤایەتی شتێک نییە جگە لە یەکسانیخوازی. لەڕوانگەی ئەودا چەمکی یەکسانی ئیتر جێیەکی لە تیۆریی دۆخی سروشتیدا (کە لەلایەن لیبراڵەکانی بەر لە شۆڕشی فەڕەنساوە گەڵاڵە کرابوو) نییە، بەڵکوو جێگەی ئەو لە مێژوودایە.

دەزانین تیۆریی دۆخی سروشتی وەک پێویست دەبێتە هۆی بیچمگرتنی پەیکەرەی سیاسی لەسەر بنەمانی ئەندێشەی حاکمییەتی رەها لەڕوانگەی کۆنستانتدا شۆڕشی فەڕەنسا ئەوەی سەلماندبوو کە لەبۆ ئازادییە سیاسییەکان هێچ چەمکێک مەترسیدارتر نییە لە حاکمییەتی رەها. کۆنستانت چوارچێوەی تیۆریی خۆی بەم شێوەیە گەڵاڵە دەکات: "گەڵاڵەی پەتیی حاکمییەتی خەڵکی لەهەر حاڵەتێکدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ئازادیی تاک" چونکە حاکمییەتی خەڵکی لەڕووی یاساییەوە بەمانای سەروەریی ئیرادەی گشتی بەسەر ئیرادە پاژەکی و تاکییەکاندایە. بەبۆچوونی کۆنستانت حاکمییەت تەنیا لە بیچمێکی بەرتەسک و رێژەییدا بوونی هەیە. بەواتایەکی تر ئەوە قەبووڵ ناکات کە کۆمەڵگە بەشێوەی گشتی حاکمییەتێکی بێسنوور بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا بسەپێنێت، چونکە بەشێک لە ژیانی مرۆیی پێویستە بە تاکی و سەربەست بمێنێتەوە و لەدەرەوەی هەرێمی یاساداڕێژی و پیادەکردنی بڕیاری کۆمەڵگە بمێنێتەوە.

دەبێ لەوە تێبگەین کۆنستانت دژی ئەندێشەی حاکمییەت نییە، بەڵام لەگەڵ ئەندێشەی حاکمییەتی بێسنووری خەڵکیدا نییە کە رۆسۆ باوەڕی پێی بوو، بە پووچەڵی دەزانێت. لە رەخنە لە رۆسۆدا دەڵێ پەیمانی کۆمەڵایەتی کە تا ئەو رادەیە بەسوودی ئازادی بەگوێدا چەپاوە و دووپات کراوەتەوە لەڕاستیدا گرینگترین تەوەری پشتگیری لە هەموو ئیستبدادێکە. کۆنستانت دەڵێ: کاتێ رۆسۆ رادەگەیەنێ حاکمییەت هەڵگری دابەشبوون نییە یان ناتوانێ شێوەی نوێنەرایەتی بەخۆیەوە بگرێت، ئەم واتایە دروست بەم مانایەیە کە حاکمییەت ناتوانرێ جێبەجێ بکرێت. بەبۆچوونی کۆنستانت رۆسۆگەرایی و ئەندێشەی رۆسۆیی رەنگدانەوەی کارەساتەکانی شۆڕشی فەڕەنسایە. لەم رووەوە کە ەرگێکی خەڵەتێنەری وەک چەمکی ئیرادەی گشتی دەخاتە پاڵ خۆی کە لەپشت ئەوەوە کۆمەڵە پەرچەکردارێکی وەک نەفرەتی کەسانە، بەرژەوەندیخوازییەکان و ترس هان دەدرێن و دەکارن. کۆنستانت هەروەها ئەوە دەدرکێنێت کە رۆسۆ زیاترین خەساری گەیاندۆتە فەڕەنسا، چونکە ئەندێشەی کۆماریی کۆنی هێناوەتە ناو سەنتەری ئاگاییە مۆدێرنەکانەوە.

بەم پێیە بەبۆچوونی کۆنستانت بێبەختی و شکستەکانی شۆڕشی فەڕەنسا لە بنەڕەتەوە بەهۆی ئەمدێشەی حاکمییەتی خەڵکی ئەوەوە نییە، بەڵکوو دەرهاویشتەی ئەندێشەی دەوڵەتشاری کۆنینەی (ئیسپارت)ە کە رۆحی شۆڕشگێڕەکانی لەدەستی خۆیدا گرتووە و داگیری کردووە. ئەگەر شۆڕشگێڕە فەڕەنسییەکان سەرەڕای نییەتە پاکەکەیان ببنە زۆردار، هۆیەکەی ئەوە بییە کە ئەوان کوێرانە پەیڕەوی لە لۆژیکی حاکمییەتی خەڵکی دەکەن، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە لە چەمکی ئازادی بە هەمان خوێندنەوە و واتا کۆنەکەی تێدەگەن و دەخوازنلە فەڕەنسای مۆدێڕندا ئازادییەکی کەونارا(لەڕووی واتاییەوە) جێگیر بکەن. بەڵام کۆنستانت جیاوازیی نێوان ئازادیی کۆنینە و ئازادیی مۆدێڕن چلۆن نیشان دەدات؟ دەبێ بزانین ژێدەری سەرەکیی ئەم دوونواڕییە(dichotomy) کۆنستانت دەگەڕێنێتەوە بۆ دوو جۆری ئازادی کە مۆنتسکیۆ لە کتێبی رۆحی یاساکاندا دیاریی کردوون. لەم کتێبەدا مۆنتسکیۆ سەرنجی هەموان بەلای جیاوازیی نێوان ئینگلستانی مۆدێڕن و ئیسپارتی کۆن رادەکێشێت. ئەگەرچی ئەو

هیچکات زاراوەی "ئازادیی مۆدێرن" بەکار ناهێنێت، بەڵام ئاماژە بە چەمکێکی نزیک لەو دەکات. مۆنتسکیۆ، ئیسپارت بە جەمسەری سەرەکی و خاڵی وەرچەرخانی سیاسەت لەسەر بناغەی زانایی (فضیلت) دەزانێ. لەڕوانگەی ئەوەوە ئیسپارت دەیرێکە کە لەڕێگەی بێبەشکردنی ئەندامەکانی لە هەموو دەرفەتە مرۆییەکان، جگە لەو دەرفەتانەی پەیوەندییان بە کارکردە رەسمییە گرووپییەکانەوە هەیە، وەفادارییەکی یەکپارچەی بۆ خەڵکەکەی دەستەبەر کردووە.

کۆنستانت ئازادیی کۆنینە بە بەشداریکردنی چالاکانە و بەردەوام بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی گشتی دەزانێت. بەڵام ئازادیی مۆدێرن بەبۆچوونی ئەو جۆرێک بەهرەمەندیی ئاشتییانە لە سەربەخۆیی تاکی و تایبەتی. لە کۆماریە کۆنەکاندا پێوەری سەرزەمین بەو مانایە بوو کە هەر شارۆمەندێک لەڕووی سیاسییەوە خاوەنی بایەخی تاکییە. بەم پێیە تەواوی خەڵک لە کاروباری یاسادارێژی، ناردنی دەنگ، دادوەرییەکان و هەروەها بڕیاری جەنگ و ئاشتیدا، دەوریان هەبوو، کەواتە ئیمتیازی ئازادیی کۆن ئەوە بووە کە هەموو خەڵکی لەڕێزەی حاکمەکان نزیک دەکردەوە. خەڵکی کۆن رەزایەتی زیاتریان لە هەبوونی کۆماریی خۆیان هەبوو و کەمتر بەهرەیان لە ژیانی تایبەتی وەردەگرت، بەڵام لەبۆ مۆدێرنەکان پێچەوانەی ئەمەیە، نزیکەی هەموو بەهرەمەندی و ئارەزووەکانی خەڵکی مۆدێرن پەیوەستە بە ژیانی تایبەتیی ئەوانەوە و ئەو جیاوکەی ئەم ئازادی بەم خەڵکەی دەبەخشێت لەوەدایە کە نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن چونکە مۆدێرنەکان لە ژیانی گشتیی خۆیاندا بەرژەوەندیگەلێکی زۆر زووتێپەڕیان هەیە . بەم شێوەیە ئازادیی مۆدێرن شطێکە لە چەشنی توانستی کرداری پۆزێتیڤ بە هەمان شێوەی ئازادیی سەردەمی کۆن بەڵام لەم ناوەندەدا جیاوازییەک هەیە کە لەڕاستیدا مێژوویيە. ئازادیی کۆن تەنیا لە کۆمەڵگە کەم دانیشتووەکاندا کە لەڕووی واتا نیشتمانییەکانەوە و هاوشێوە لەڕووی مەزهەبییەوە دەگونجێت. بەم پێیە روونە کە کە کۆنستانت مەبەستی مەبەستی سەروەری دان بە پرەنسیپە مۆدێرنەکان بە سەر پرەنسیپە کۆنەکاندا نییە. ئەو تەنیا دەیەوێ بڵێ کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ بەختیاریی مرۆیی لە دەوڵەتشارە کۆنەکاندا بەتەواوی جیاوازە لەگەڵ هەلومەرجەکانی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا. کۆنستانت وەک مۆنتسکیۆ ناڵێ ئازادیی مۆدێرن زێدە لە ئازادییەکانی کۆن لە سروشت و گەوهەری مرۆڤەوە نزیکن و یان ئازادییەکانی کۆن نامرۆڤانەن. ئەو تەنیا دەڵێ بەکاربردنی سیاسەتەکانی کۆن لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی مۆدێڕندا خەساری جیددی بۆ مرۆڤەکان دێنێتە ئاراوە، چونکە ژیانی ئەوان تووشی دژهۆنی دەکات. کۆنستانت دەڵێ: تەنیا لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا ئەم ئەگەرە دێتە پێشەوە کە ئازادییەکانی سەردەمی کۆن وەک کەرەستەیەک بۆ پاساودانەوەی ستەم سوودیان لێوەربگیرێت.

تایبەتمەندیی پلۆرلیستیی کۆمەڵگەی مۆدێرن وەک جیاوازیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی خوازراوبوونی ئازادیی کۆن دەکاتە زەمینەیەک و بیانوویەکی گونجاو بۆ ئیستبدادی سیاسی. باسەکەی کۆنستانت لەم بوارەدا بەلایەنی زۆرەوە رووی لە شکستی تیۆریسازە سیاسییەکانی یۆنان لە دەستنیشانکردن و پەرەپێدانی جیاوازیی مۆدێرن لە نێوان کۆمەڵگەی شارستانی ە دەوڵەتدایە. چەمکی مۆدێرنی مافی تاکی بە مەبەستی بەرگری لە جودایی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی بەکار دەهێنرێت. هەر لەم رووەوە کۆنستانت دەڵێ لە کۆمەڵگەی کۆندا تاک بە تەواوی فیدا و قوربانیی کۆمەڵ دەبێت. ئەم نەبوونە گشتییەی مافی تاکی یان سەربەخۆیی کەسانە لە کۆمەڵگەی کۆندا دەهاویشتەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دەوڵەتشار بوو. خەڵکی سەردەمی کۆن لەو باوەڕەدا بوون کە گشت بەها مرۆییەکان، جگە لە فەلسەفە، لە بەستێنی سیاسیدا روودەدەن. بەم پێیە شارۆمەندان بەختەوەریی خۆیان لە کاروباری شارۆمەندیدا دەبینی، چونکە جگە لەمە نەیاندەتوانی بیر لە شتێکی تر بکەنەوە. بە هەمان شێوە کە هیچ پەنایەکی باوەڕپێکراو لە بەرانبەر ئۆتۆریتەی سیاسیدا لە ئارادا نەبوو، هیچ بژارێکی باشتر بۆ بەشداریی سیاسی لەئارادا نەبوو. کۆنستانت بە روونی باس لەوە دەکات

کە ناتوانێ دان بە روانگەی ئەرەستوو بۆ " شارۆمەندیی هەمەکی" وەک سەرکەوتنێکی شکۆدار لە بەختەوەریی مرۆڤدا بنێت. کۆنستانت هەوڵدەدات لە رێگەی لادانی راڤەی گەردوونناسانەی یۆنانی لە ژیانی سیاسی و سەقامگیرکردنی شرۆڤەیەکی ناگەردوونناسانەوە تیۆرییەکەی ئەرەستوو راست بکاتەوە. ئەرەستوو گوتوویەتی "دەوڵەتشار" سەروەرە بەسەر تاکدا و شارۆمەندی بەرزترین بەختەوەرییە بۆ مرۆڤ. کۆنستانت لە ژێر کاریگەریی مۆنتسکیۆدا هەوڵ دەدات بۆ رەچەڵەک و ئاخێزگەی شارۆمەندیی کەونارا، لە بیچمێکی تەواو ناغایەتگەرایانە و نائەرەستوییەوە روونکردنەوەیەکی تر بدۆزێتەوە. ئەو هەوڵ دەدات شێوەی دەرکی غایەتگەرایانەی کۆمەڵگە کۆنەکان لە خورافە و ئەفسوون پاکژ بکاتەوە و بەم شێوەیە چەمکی شاری کلاسیک لە راستی نزیک بکاتەوە. بەکورتی بەبۆچوونی کۆنستانت گرینگترین جیاوازیی نیوان دەوڵەتشاری یۆنانی و دەوڵەتی مۆدێرن دەرکەوتنی جیاوازییەکی بەرجەستەی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی لە دەقی مۆدێرنیتەدایە. لە کۆمەڵگە مۆدێڕنەکاندا ئازادبوون لە بەندی سیاسەت ئامانجێکی پۆزێتیڤە نەک بێبەشی و بەتاڵیی رووت. کۆنستانت دەگات بەم روانگەیە و ئیدعا دەکات سیستەمی نوێنەرایەتی ، دۆزینەوە و داهێنانی مۆدێرنەکانە.بە واتایەکی تر بەڕای کۆنستانت شارۆمەندانی مۆدێرن لەبەر هۆیەکی مۆدێڕن بەها دەدەن بە نوێنەرایەتی، چونکە ئەم نوێنەرایەتییە چوارچێوەیەکی بنەڕەتی بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی ئەوان لە دوورەپەرێزبوون لە بەشداریکردنی بەردەوام لە سیاسەتدا دەستەبەر دەکەن. "نوێنەرایەتی" لەگەڵ ئەوەدا کە شارۆمەندان دەرگیری ژیانی سیاسی دەکات، هاوکات رزگاریشیان دەکات لە ژیانی سیاسی. بەم پێیە بەکردەوە پەیوەندییەکی چڕوپڕ هەیە لە نێوان پڕەنسیپی نوێنەرایەتی و ئازادیی مۆدێڕندا. کۆنستانت لەم بارەیەدا لە رۆسۆدوور دەکەوێتەوە. رۆسۆ، ئازادی لە چوارچێوەیەکی رەواقی یان ئیسپینۆزایی و بەواتایەی گونجانی میازەکان و توانستەکان، پێناسە دەکات. لەڕوانگەی رۆسۆدا مرۆڤ لەو کاتەدا ئازادە کە ئارەزووەکانی لەگەڵ تواناکانیدا بۆ تێرکردنی ئەو ئارەزووانەی یەکسان بن. رۆسۆ بە ئیلهام گرتن لە سیستەمی ئیسپارت، بەشێوەیەکی رەشبینانە دەڵێ ئازادی لە کۆمەڵگە گەورەکاندا لەسەر دابەشکردنی کار وەستاون، ئەستەمە. کۆنستانت بەپێچەوانەی رۆسۆ ئازادی وەک کارکردی دەرفەتە لەبەردەستەکان دەزانێ و لەم بارەیەدا بایەخێک بە بەختیاری یان بەها گشتییە مرۆییەکان نادات.

کۆنستانت چەمکی ئازادی لە ئاوەڵدوانە کۆنینەکەی واتە چەمکی (خود بەڕاستگەڕاوی self-realization) جیا دەکاتەوە. ئەو نەک تەنیا ئازادی بە تەواوکەری ئامانجی مرۆڤ لەبەرچاو دەگرێت بەڵکوو بە سەرچوەی سەرەکیی دەرفەتە بێژمارەکان دەزانێ. بەم شێوەیە ئازادی بە بۆچوونی کۆنستانت بەمانای توانایی هەڵبژاردن لە نێوان دەرفەتەکان و هەڵە زاپاسەکانە. کەسێک بە مەرجێک ئازادە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان زاپاسگەلی گونجاو و شایانی سەرنج بخەنە بەر دەست. بەپێی بۆچوونی کۆنستانت ئازادیی بزوێنەری ئەندێشەی شەفافییەتە. شەفافییەت بەبۆچوونی کۆنستانت کەشی گفتوگۆ و دیالۆگ و هەروەها گۆڕینەوەی ئەندێشەکانە، چونکە کاتێ ئەندێشەکان لە نێوان هەمواندا سەنگ و سووک بکرێن، ئەگەری ئاشکرا بوونی حەقیقەت و لەناوچوونی هەڵە زیاتر دەبێت. بەم پێیە ئەندێشەی شەفافییەت لە گەلاڵەی لیبرالیزمی کۆنستانتدا بابەتێکی سەرەکییە. شەفافییەت مافێکی پیرۆزە. لە یاسای لیبراڵیدا شەفافییەت بەڕۆحی حکوومەت دادەنرا. ئەمە بەبۆچوونی کۆنستانت بەو مانایەیە کە شەفافییەت کاریگەرترین گەرەنتییە بەدژی حکوومەتە ئیستبدادی و سەرەڕۆکان.

توانایی شارۆمەندەکان بۆ یەکدەنگکردن ورێکخستنی بەرەنگاری دواگەرەنتییە کە رێگە لە ستاندنەوەی متمانەی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەگرێت.

بەم شێوەیە کۆنستانت بڕوای بە ئەندێشەی "بەختەوەریی گشتی" نییە چونکە لە مەودای شۆڕشی فەڕەنسادا ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان تاوان و خەیانەتەکانی خۆیان بەناوی خەڵکەوە ئەنجام دەدا و هەروەها ئەوەیکە ئەندێشەی بەختەوەریی گشتی بەشێوەی پۆشتە خاڵێکی نیگەتیڤ

و نەرێنی لەخۆ دەگرێت چونکە هەمیشە بەرژەوەندی روانگەگەلێکی لێکنەچوو لە گرووپ و شاندە سیاسییەکاندا هەیە. کۆنستانت سەرنجی خۆی دەخاتە سەر کەشی تایبەتیلەچوارچێوەی کەشی گشتیدا.ئەو بە مەبەستی سازگارکردنی وەفاداری و بڕوای کەسانە لەگەڵ ئەرکی شارستانیدا، بەرگری لە دەنگدانی نهێنی لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات. بەبۆچوونی کۆنستانت تایبەتی بوون بەستێنی شەفافییەتە، بەڵام جیاکردنەوەی شارۆمەندان لە سەربەخۆیی ئابوورییان لەڕێگەی چەمکی شارۆمەندیی گشتییەوە، خەڵەتاندنی خەڵک و شەڕەنگێزییە، چونکە کاتێ سەربەخۆیی تایبەتی و ئازادی لەناو بچێت مافی سیاسیش لەناو دەچێت. هەر لەم رووەوەیە کە کۆنستانت پێیوایە ئازادیی شارستانی و ئازادیی سیاسی پەیوەندییەکی دوولایەنە و دەروونییان لەگەڵ یەکدا هەیە. کۆنستانت پێداگرانە داوا لە هاوڵاتییانی خۆی دەکات کە کرداری گشتییان ئاوێتەی سەربەخۆیی تایبەتی بکەن و یەکانگیری بکەن. ئەم داوایەی بەگشتی لەو رووەوەیە کە کۆمەڵگە پێگەیشتوو و پێشکەوتنی شارستانییەت پەیوەندیگەلێکی نوێ لەنێوان مرۆڤەکاندا هێناوەتە ئاراوە.

بەڕای کۆنستانت مرۆڤی مۆدێرن سروشت و گەوهەرێکی نوێی بەدەست هێناوە. ئەو تەنیا لە دەقی مێژوودا نییە، بەڵکوو "لە" مێژوو و "بۆ" مێژووشە. بەم پێیە تەنیا دامەزراوە مێژووییە گونجاوەکان بۆ گەوهەریمرۆیی بریتین لە: حکوومەتی نوێنەرایەتی، حاکمییەتی زۆرینە، سیاستەمی دادوەریی سەربەخۆ، ئاسانگیری و فرەمینبەریی ئایینی و ئازادیی چاپەمەنین".

ئەنجام ئەویە کە یارمەتی بنچینەیی کۆنستانت بۆ تەوەرە سیاسییە نوێیەکان ئەوەیە کە پاساوێکی تۆکمە و رێکوپێکی سەبارەت بە مەترسیی بەکارهێنانی ئارمانی کۆنینەی شارۆمەندێکی گشتی بۆ دۆخ و بوارە مۆدێرنەکان ئامادە کردووە. ئەندێشەی لیبراڵی ئەو بە مەبەستی خەبات بەدژی پێشێلکردنی مافی تاکی و قۆرخکردنی دەسەڵات لە دەستی دەوڵەتێکی ناوەندیکراودا، گەڵاڵەکراوە. کۆنستانت دەڵێ ستایش و پێداهەڵکوتن بە سیاسەتەکانی کۆن لە ئورووپای مۆدێرندا بە مانای نکۆڵیکردن و بریندارکردنی سنووری نێوان کەشی تایبەتی و کەشی گشتییە.

Rojhalat